زیاتر لە بیست ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواسازی سلێمان ئەحمەد تەدەپەڕێت



22 ڕۆژ بەسەر ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس و هەواسازی سلێمان ئەحمەد تەدەپەڕێت.

لە ڕۆژی دووشەممە (23ـی تشرینی یەکەمی 2023)، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە دەروازەی (سەملکا - فیشخابوور) کاتێک لە سەردانێکی خزانی دەگەڕایەوە سلێمانی بۆ شوێنی کارکێی لە سلێمانی ڕفێندرا.

ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ئاژانسی ڕۆژنیوز سلێمان مەحەممەد ئەحمەد لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا سەردانی خزانێکی کرد لە شاری حەلەب لە سوریا، دوای مردنی باوکی مەحەممەد ئەحمەد لە تەمەنی 66 ساڵیدا.

لەلایەن خێزانی، ئاژانسی ناوبراو لەسەر دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "سلێمان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕفێندراوە لە کاتی گەڕانەوی لە سوریا لە دەروازەی فیشخابور و بیست ڕۆژ لەمەوبەر بە تەواوی پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس پچڕاوە، دوو هەفتە دوای ڕفاندنی سلێمان، هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆک لە بەیاننامەیەکی (درێ) و گوماناویدا کە تیایدا دانیان بە ڕفاندنی سلێمان نا و هەڕەشەیان لە سزادانی ڕۆژنامەنووس سلێمان کرد".

شایەنی باسە، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد خەکی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، بۆهی داگیرکردنی

شارەکە لە ساڵی 2018 لەلایەن تورکیاوە، بە ناچاری لێگەڕا خەزانەکەی چوونە پارێزگای حەلەب و لە ڕۆژی 23ـی تشرینی یەکەمی 2023 لە دەروازەی (سەڵکا - فیشخابوور) کاتەک لە سەردانەکی خەزانی دێگەڕایەوە سلەمانی بە شوێنی کارەکەی ڕفێندرا.

هەردوو ڕێکخراوەی CPJ و RSF کە پەیوەندییان بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە لەسەر ئاستی جیهانی، داوایان ئازادکردنی دەستبەجێی ڕۆژنامەنوس سلەمان ئەحمەد کەد و ڕاخەیان لە دەسەاتدارانی هەرێمی کوردستان گرت بەهەی پشلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانیان لەسەر پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕادەربین.